# کوردو ئەمریکا




کتێبی کورد ئەمریکا دکتۆرانامەی (د.شیرین فوئاد مەعسوم) ەو لەساڵی (2007) وە پێشکەشکراوە و لەلایەن (رزگار عومەر عەلی) وەرگێردراوە بۆ زمانی کوردیەو .

سەرلەپەری ئەم کتێبە باس پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردەکانی عیراق دەکات لەنێوان ساڵانی (2006-1918)، واتە دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەبەختی کوردەکان دەکات لەگۆڕەپانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، پەتایبەتیش باس لەسیاسەتی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد دەکات، چونکە بەر لەساڵی (1990) ویلایەتەیەکگرتووەکان هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ کوردەکانی عیراقدا، هەموو پەیوەندییەکان ئەگەر هەبووبێت لەرێگەی دەولەتی سێهەمەوە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لێکۆڵینەوەیەک باس لەکورد بکات، کەمو کورت دەردەچێت تەنانەت ئەگەر باس لەهەندێک هۆکارو فاکتەری تایبەتیش نەکات.

هەموو شارەزایەکیش لەمەسەلەی کورددا ئەوە دەزانێت کەدیراسەو لێکۆڵینەوە لەسیاسەتەکانی هێزە رۆژئاواییەکان بەرامبەر بە کورد نارێک دەردەچێت کەئەگەر جیابکرێتەوە لەدیراسەکانی سیاسەتی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بەو رژێمانەی کەکورد لەسایەیاندا ژیاوە.

بەگشتی ئەم کتێبە لەسێ بەش پێکهاتوە ، ئەم بەشی یەکەم لەدوو باسی پێکهاتووە:

یەکەمیان لەپەرەسەندنی مێژووی کوردەکان لە(1918)ەوە بۆ شەستەکان، دووەمیان پارتە سیاسیەکانی کورد کەئاماژە بۆ ئەم حزبانەکراوە(پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان) هەروەها بەشی دووەمیش سێ باسی لەخۆگرتووە(پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە(1918 تا 1960) لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد.

بەشی سێهەمیش کەدوا بەشە باس لە (پەرەسەندنی بزوتنەوە کوردییەکان 1970 تا 2006) سیاسەتی ئەمریکا لە (1960-1970) ، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (1970-2006) ، دوا بەش بەرەوپێشچوونی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد (1970-2006) دەکات.

**ئامادەکردنی : نەورۆز فوئاد**


سەرکردەیەکی یەکگرتوو:
“سوتانی بارەگاکان، لە خزمەتی یەکگرتوودا بوو ؟”
بزوتنەوەی گۆڕان، لەقۆناغی سەرکردایەتییەکی هەڵنەبژێردراودا !
گۆڕان
التغيير
CHANGE
”پیشاندانی بەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە تەلەفزیۆنەکانەوە باش نییە!”
57
WALAPRESS
No. 57 Dec.2012
www.walapress.com
Facebook: walapress
E-mail:walapress2011@gmail.com
Price:1500 IQD
سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسا بۆ والا پرێس:
دیجلە هەڵناوەشێندرێتەوە
ململانێکانی کورد و مالیکی، ویست و مەرامە شاراوەکان!!
چەمکی ئۆپۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنی کوردستان، لە دۆسییەی والا پرێس-دا
نەیارە سەرسەختەکەی دیموکراسی لە کوردستان ؟
”پارتی هەمیشە ناچارە هەموو مەرجەکانی تورکیا قبول بکات”
کورد. شەری پێگەیەکی بەهێزتر دەکات و ئۆپۆزسیۆنیش هەڵەی رابردوو دووبارە ناکاتەوە..!